## یارییەکانی پاڵاوتنی جامی ئاسیای لاوان ب...

# یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لیست...

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بە فەرمی بڕیاریدا کە یارییەکانی کۆمەڵەی سێیەمی پاڵاوتنی جامی ئاسیا لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام بدرێت، لەم کۆمەڵەیە هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (عێراق – سعودیە – کوێت – عومان – هیندستان – ئەفغانستان) یاری دەکەن کە تیاییدا لەم کۆمەڵەیە دوو هەڵبژاردە بۆ جامی ئاسیا سەردەکەوێت، دەستنیشانکردنی یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری بۆ میوانکردنی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کوردستان و شاری هەولێر ئەمەش بە هۆی باشی بارودۆخی ئەمنی کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دوو سەرپەرشتیار دەست نیشان کردووە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری یارییەکان بکەن ئەوانیش هەر یەکە لە:

١- تەڵاڵ سویلم ئوردن

٢- نور عمراۆف تاجکیستان

هەروەها دوو سەرپەرشتیاری ناوبژیوانەکانی ئاشکرا کرد ئەوانیش هەریەکە لە:

١- یزبك یزبك لوبنان

٢- فکتۆر کۆل بالکۆف تاجیکستان

لەهەمان کاتدا (١٥) ناوبژیوان و یاریدەدری ناوبژیوانی دەست نیشان کردووە بۆ ئەوەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەڕێوە ببن، کە تیاییدا (٧) ناوبژیوانی ناوەڕاستە ئەوانیش هەریەکە لە:

١- نەواف عەبدوڵڵا بەحرێن

٢- ناسر دەرویش ئوردن

٣- زریونی محەمەد عەبدولکریم ئیمارات

٤- بنجر محەمەد دۆسری قەتەر

٥- یدوڵڵا جهنبازی ئێران

٦- مهباف جایە تایلاند

٧- فو مینگ تری ڤێتنام

هەروەها (٨) یاریدەدەری ناوبژیوانی دەست نیشان کردووە بۆ ئەوەی یارییەکان بەڕێوە ببەن ئەوانیش هەریەکە لە :

١- ئیبراهیم موبارك بەحرێن

٢- یوسف عەبدوڵڵا بەحرێن

٣- زیاد بێرق لوبنان

٤- فەواز محەمەد عیسا ئوردن

٥- کریمی مورتزی ئێران

٦- سای وی سۆمات تایلاند

٧- بهام منسلۆنگ ڤێتنام

٨- نۆکین سرۆتك ڤێتنام

یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە (٥-١١) دەست پێ دەکات و تا (١٤) هەمان مانگ بەردەوام دەبێت، یەکێتی تۆپی پێی عێراق ماوەیەکی یەکجار زۆرە



ئا: ڕێبین ڕەمزی

## ...ـفەرمی لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

# ...ی ناوبژیوانان ئاشکرا دەکات

هەڵبژاردەی لاوانی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردووە چەندین یاری دۆستانە و ئۆردوگای مەشقی بۆ ئەنجام داون کە تیاییدا ڕاهێنەر حەسەن ئەحمەد پێکهاتەیەکی گۆنجاوی بۆ یارییەکانی پاڵاوتن ئامادە کردووە و زۆر پشت بە جەماوەر دەبەستێت، خشتەی یارییەکانیش بەم شێوەی خوارەوەیە.

**یارییەکانی ڕۆژی (٥-١١)**

سعودیە — ئەفغانستان

کاتژمێر ١ نیوەڕۆ

عێراق — هیندستان

کاتژمێر ٤ ئێوارە

کوێت — عومان

کاتژمێر ٧ ئێوارە

**یارییەکانی ڕۆژی ( ٧-١١)**

عێراق — عومان

کاتژمێر ١ نیوەڕۆ

کوێت — ئەفغانستان

کاتژمێر ٤ ئێوارە

سعودیە — هیندستان

کاتژمێر ٧ ئێوارە

**یارییەکانی ڕۆژی (١٠-١١)**

هیندستان — عومان

کاتژمێر ١ نیوەڕۆ

کوێت — سعودیە

کاتژمێر ٤ ئێوارە

عێراق — ئەفغانستان

کاتژمێر ٧ ئێوارە

**یارییەکانی ڕۆژی (١٢-١١)**

عێراق — کوێت

کاتژمێر ١ نیوەڕۆ

ئەفغانستان — هیندستان

کاتژمێر ٤ ئێوارە

سعودیە — عومان

کاتژمێر ٧ ئێوارە

**یارییەکانی ڕۆژی (١٥-١١)**

عێراق — سعودیە

کاتژمێر ١ نیوەڕۆ

ئەفغانستان — عومان

کاتژمێر ٤ ئێوارە

کوێت — هیند

کاتژمێر ٧ ئێوارە

جێگای باسە ڕەنگە لە ڕۆژکانی داهاتوو یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا گۆڕانکاری لە خشتەی یارییەکان بکات چونکە یەکێتی تۆپی پێی عێراق نارەزایی لە کاتی یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق گرتووە، هەروەها یەکێتی تۆپی پێی عێراق و لێژنەی ئۆڵۆمپی عێراق بری ٨٦٠ ملیۆن دیناری بۆ ئەم پاڵاوتنە تەرخان کردووە لەگەڵ چەند لێژنەیەکی تایبەتی پێك هێناوە بەمەبەستی بەڕێوە بردنی یارییەکان









# خوێندنەوەیەک لە ئەنجامی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خول

**هەفتەی رابردوو یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی پاڵەوانانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێی بە کۆتا هات کە تیاییدا چەندین یانەی گەورە ئەنجامەکانیان لەم قۆناغە وەکو پێویست نەبوو، بە پێچەوانەوە یانە بچوکەکانی ئەورووپا توانیان چەندین ئەنجامی چاوەڕوانەکراو تۆمار بکەن و رکابەری لەسەر یەکێك لە بلیتەکان بکات بۆ ئەوەی سەربکەوێت بۆ قۆناغی دووەم، ئەمەی خوارەوە خوێندنەوەیەك لە یارییەکان و ئەنجامەکانی قۆناغی یەکەمی خولی پاڵەوانانی ئەورووپا.**

## کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەر سێ یانەی بۆردۆی فەرەنسی و یۆڤانتۆس و بایرەن میونیخ، یانەی بۆردۆ لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی یەکجار گرنگی تۆمار کرد و لە یانەی بایرەن میونیخی بردەوە ئاستێکی یەکجار باش لەم کۆمەڵەیە نیشاندا گەر هاتوو لە قۆناغی دووەم بەم ئاستە بەردوام بێت ئەوە یەکێك لە بلیتەکان مسۆگەر دەکات، یانەی یۆڤانتس لە پلەی دووەمی کۆمەڵەکی دێت دوای ئەوەی لە دوو یاری یەکسان بوو و تەنیا یەك سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە بە هەمان شێوە یانەی بایرەن میونیخ ئاستی لەم پاڵەوانیەتیە وەکو پێویست نییە لە پلەی سێیەمی کۆمەڵەکەی دێت، لە پلەی چوارەم یانەی مەکابی حەیفا ئیسرائیلی کە هیچ خاڵێکی بە دەست نەهێناوە و هیچ هیوایەکی نەماوە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەمەی خوارەوەش ریزبەندی یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە

-١یانەی بۆردۆ ٧ خاڵ
-٢ یانەی یۆڤانتۆس ٥ خاڵ
-٣ یانەی بایرەن میونیخ ٤ خاڵ
-٤ یانەی مەکابی حەیفا سفر خاڵ

یارییەکانی رۆژی (٣-١١)

بایرەن میونیخ – بۆردۆ
ماکابی حەیفا – یوڤانتۆس

## کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە یانەی مانچستەر یۆنایتد تا رادەیەك سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر کردووە دوای ئەوەی توانی (٣) سەرکەوتن لەسەر یەکدی تۆمار بکات تەنیا پێویستی بە (٣) خاڵ ئەمەش شتێکی قورس نییە بۆ یانەیەکی وەکو مانچستەر یۆنایتد، بەڵام رکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڤۆلسڤۆرگ و سیسکا مۆسکۆ هەیە بۆ مسۆگەر کردنی بلیتی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە تەنیا یەك خاڵ لە نێوان هەردوو یانە جیاوازە، بەڵام یانەی ڤۆلسڤۆرگ ئاستی راستەقینەی خۆی لە یارییەکان نیشان نەداوە بۆیە ئەرکی تۆزێك قورسە دەبێ لە قۆناغی دووەم هەوڵ بدات خاڵ کۆبکاتەوە، یانەی بێشکتاش تا ئێستا نەیتوانیوە رکابەری یانەکان بکات تەنیا یەك خاڵی هەیە ئەرکی زۆر قورسە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەمەی خوارەوەش ریزبەندی یانەکانە.

-١ یانەی مانچستەر یۆنایتد ٩ خاڵ
-٢ یانەی ڤۆلسڤۆرگ ٤ خاڵ
-٣ یانەی سسکا مۆسکۆ ٣ خاڵ
-٤ یانەی بێشکتاش ١ خاڵ

یارییەکانی رۆژی (٣-١١)

مانچستەر یۆناتد – سسکا مۆسکۆ
بێشکتاش – ڤۆلسڤۆرگ

## کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەیە هەردوو یانەی زلهێزی جیهان ریال مەدرید و ئەی سی میلان لە پلەی یەکەم و دووەم دێن بە کۆکردنەوەی (٦) خاڵ و ئەرکی هەردوو یانە زۆر قورسە بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو چونکە هەردوو یانەی زیوریخی سویسری و مەرسیلیا رکابەری لەسەر هەردوو بلیت دەکەن و هیوایان ماوە بۆ بە دەستهێنانی یەکیك لە بلیتەکان، یانەی ئەی سی میلان سەرکەوتنێکی گرنگ و مێژووی لە نێو یاریگای ریال مەدرید تۆمار کرد دوای یارییەکی زۆر بەهێز لە نێوان هەردوو یانە، ئەمەی خوارەوەش رێزبەندی یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

-١ یانەی ریال مەدرید ٦ خاڵ
-٢ یانەی ئەی سی میلان ٦ خاڵ
-٣ یانەی زیوریخ ٣ خاڵ
-٤ یانەی مەرسلیا ٣ خاڵ

یارییەکانی رۆژی (٣-١١)

ئەی سی میلان – ریال مەدرید
مەرسیلیا – زیوریخ

## کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەیە چێلسی پێویستی بە یەك خاڵ هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکات دوای ئەوەی توانی (٣) سەرکەوتن تۆمار بکات و ئاستێکی یەکجار بەهێز لە یارییەکان نیشان بدات بە بێ ئەوەی یانەکان رکابەری لەگەڵ بکەن، لە هەمان کۆمەڵە یانەی پۆرتۆی پورتوگالی تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید ئاستێکی یەکجار خراپی لەم پاڵەوانیەتیە نیشان داوە کە تەنیا یەك خاڵی هەیە هیچ هیوایەکی نەماوە بۆ سەرکەوتن تەنیا دەبێ رکابەری لەسەر پلەی سێیەم بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە پاڵەوانیەتی یۆروپا لیگ بەشداری بکات بەهەمان شێوە یانەی ئەبۆێل نیقۆسیا قوبرسی تا رادەیەك ماڵئاوایی لەم پاڵەوانیەتیە کردووە تەنیا دەبێ رکابەری لەسەر بلیتی سێیەم بکات بۆ ئەوەی سەربکەوێت بۆ پاڵەوانیەتیە یۆرۆپا لیگ، ئەمەی خوارەوەش ریزبەندی یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

-١ یانەی چێلسی ٩ خاڵ
-٢ یانەی پۆرتۆ ٦ خاڵ
-٣ یانەی ئەبۆێل ١ خاڵ



# ـــى پاڵەوانانی ئەوروپا

-٤ یانەی ئەتلتیکۆ مەدرید ١ خاڵ
یارییەکانی رۆژی (٣-١١)
ئەتلتیکۆ مەدرید — چیڵسی
ئەبۆئیل - پۆرتۆ

### کۆمەڵەی پێنجەم

لـــەم کۆمەڵەیە یانـــەی لیڤەرپوول هەرەشـــەی دوورخستنەوەی لەم پاڵەوانیەتی لێ دەکرێت دوای ئەوەی لە دوو یاری تووشـــی دۆڕان هات کە لە دواین یـــاری بەرامبەر یانەی لیون لە نێو یاریگا و جەمـــاوەری خـــۆی دۆڕا، جەمـــاوەری یانەی لیڤەرپوول لە ئەنجام و ئاستی یانەکە رازی نینە، لە هەمان کۆمەڵە یانەی لیۆن پێویســـتی بە (٣) خاڵ هەیە بۆ ئەوەی بە فەرمی ســـەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مســـۆگەر بکات دوای ئەوەی توانی لـــە (٣) یاری ســـەرکەوتن تۆمار بکات بە هەمان شـــێوە یانەی ڤیۆرنتینا لە پلەی دووەم دێت لە ریزبەندی یانـــەکان بە کۆکردنەوەی (٦) خاڵ، هەر لە هەمان کۆمەڵە یانەی دیبرشـــینی هەنگاری لە پلـــەی چوارمی کۆمەڵەکەی دێت بە بێ خـــاڵ ئەم یانەیە لەگەڵ هـــەردوو یانەی لیڤەرپوول و ڤیۆرنتینا زۆر بە زەحمەتی تووشـــی دۆڕان هات، بەڵام هیچ هیوایەکی بۆ سەرکەوتن بۆ قۆناغـــی داهاتوو نەماوە، ئەمـــەی خوارەوە ریزبەندی یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

-١ یانەی لیۆن ٩ خاڵ
-٢ یانەی ڤیۆرنتینا ٦ خاڵ
-٣ یانەی لیڤەرپوول ٣ خاڵ
-٤ یانەی دیبرشینی هەنگاریا سفر خاڵ
یارییەکانی رۆژی (٤-١١)
لیۆن — لیڤەرپوول
ڤیۆرنتینا — دیبرشینی

### کۆمەڵەی شەشەم

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەر چوار یانەی بەرشلۆنە و رۆبن کازان و دینامۆ کییف و ئەنتەر میلان، یانەی بەرشلۆنە لە پێشەنگی ئەم کۆمەڵەیە دێت بە کۆکردنەوەی چوار خاڵ هەرچەندە تووشـــی دۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراو هات لەگەڵ یانەی رۆبن کازان رووسیا لە نێو یاریگای نوکامب ئەمەش هاندەرانی بەرشـــە تووشی نیگەران کرد تا ئێستا یانەی بەرشلۆنە لەم پاڵەوانیەتیە ئاستی وەکو پێویســـت نییە تەنیا یەك سەرکەوتنی بە دەستهێناوە ئەویش لەگەڵ یانەی دینامۆکییفی ئۆکرانی بووە و لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلان بە بێ گۆڵ یەکسان بوو، بۆیە لە قۆناغی دووەم یانەی بەرشـــلۆنە پێویستی بە کۆکردنەوەی خاڵ هەیە بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبێت و ســـەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکات، هەر لە هەمان کۆمەڵە یانەی دینامۆکییف توانی چەندین ئەنجامی باش بە دەســـت بهێنێت بە یارمەتی یاریزانی بەناوبانگ ئەندرێ شفشـــینکۆ کە توانـــی لە نێو یاریگای ئەنتـــەر میلان خاڵێك بە دەســـتبهێنێت و لە یانەی رۆبن کازانی رووسی بباتـــەوە تەنیا لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنە تووشـــی شکســـت هات، گەر بەم ئاستە یانەی دینامۆکییف بەردەوام بێت ئەوە دەتوانێ رکابەری لەســـەر یەکێك لـــە بلیتەکان بکات و یانە زلهێزەکان لە رکابەرییەکە دووربخاتـــەوە، بە هەمان شـــێوە یانەی رۆبن کازان رووســـیا ئەنجامێکی چاوەڕوانەکـــراوی تۆمار کرد توانی لە یانەی بەرشـــلۆنە بباتـــەوە بەم ئەنجامە یانەی رۆبن کازان دووبـــارە گەڕایەوە رکابەرییەکە بە کۆکردنەوەی (٤) خـــاڵ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئاست و ئەنجامی یانەی ئەنتەر میلانە کە تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ سەرکەوتنێك تۆمار بکات لە (٣) یاری تووشـــی شکست هات و یەکسان بوو، بۆیە یانەی ئەنتەر میلان مەترسی دوورخستنەوەی لـــێ دەکرێت لە خولی یانـــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئەمەی خوارەوەش ریزبەنـــدی یانەکانی کۆمەڵەی شەشەم.

-١ یانەی بەرشلۆنە ٤ خاڵ
-٢ یانەی دینامۆکییف ٤ خاڵ
-٣ یانەی رۆبن کازان ٤ خاڵ
-٤ یانەی ئەنتەر میلان ٣ خاڵ
رۆبن کازان — بەرشلۆنە
دینامۆکییف — ئەنتەر میلان

### کۆمەڵەی حەفتەم

یانەکانـــی ئـــەم کۆمەڵەیە ئاستیان زۆر لە یەك نزیکە بۆیـــە یانەی ئیشـــبیلیە زۆر بە ئاســـانی توانی پێشـــەنگی ئەم کۆمەڵەیـــە بگرێت و توانی (٣) ســـەرکەوتن لە دوای یەك تۆمار بکات تەنیا پێویســـتی بە (٣) خاڵ هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوێت بۆ قۆناغـــی داهاتووی خولی یانـــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەڵام یانەی یۆنیریا ئۆزربیچینی رۆمانی توانی ســـەرکەوتنێکی یەکجار گـــەورە لە دەرەوەی یاریـــگای خـــۆی تۆمار بـــکات دوای ئەوەی لە یانەی رێنجرزی ئوسکتلندی بباتەوە بە ئەنجامێکی گەورە بەمەش دووبارە گەڕایەوە رکابەرییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە ئەم یانەیە بۆ یەکەمجار بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە دەکات و ئەنجامەکانی تا ئێستا جێگای دڵخۆشـــی هاندەرەکانیەتی، هەر لە هەمان کۆمەڵە شـــتۆتگارد ئاســـتێ وەکو پێویست نییە تەنیا دوو خاڵی کۆکردۆتەوە ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی جەماوەرکەی، چونکە پێش دەستپێکردنی یارییەکانـــی ئـــەم کۆمەڵەیە چاوەڕێـــران وای بۆ دەچوون کە یانەی شـــتۆتگارد بە بێ کێشە یەکێك لە بلیتەکان مسۆگەر بکات، بە هەمان شێوە یانەی رینجەرز ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نییە تەنیا یەك خاڵی کۆکردۆتەوە و تووشی دوو دۆڕان هاتووە کە دوایـــن دۆڕان بەرامبەر یانەی یۆنیریا رۆمانی بـــوو لە نێو یاریگای خۆی بە ئەنجامێکی گەورە، ئەمەی خوارەوش ریزبەندی یانەکانە.

-١ یانەی ئیشبیلیە ٩ خاڵ
-٢ یانەی یۆنیریا ٤ خاڵ
-٣ یانەی شتۆتگارد ٢ خاڵ
-٤ یانەی رینجرز ١ خاڵ
یارییەکانی رۆژی (٤-١١)
یۆنیریا — رێنجرز
ئیشبیلیە - شتۆتگارد

### کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە یانەی ئەرســـناڵ لە پێشـــەنگی ئەم کۆمەڵەیە دێت بە ئەوەی تووشـــی هیچ کێشەیەك بێت تا رادەیەك ســـەرکەوتنی بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر کردووە هەرچەندە لە دواین یاری نەیتوانی ســـەرکەوتن تۆمار بکات لەگەڵ یانەی ئەلکەمار یەکسان بوون، بەڵام یانەی ئەرسناڵ ئاستێکی زۆر باشی لە یارییەکانی ئەم پاڵەوانیەتیە نیشانداوە، بە هەمان شـــێوە یانەی ئۆلۆمپیاکۆس ئاستێکی زۆر باشـــی لە یارییەکان نیشان داوە و لە پلەی دووەمی کۆمەڵەکەی دێـــت زۆر نزیکە لە ســـەرکەوتن بۆ قۆناغـــی داهاتووی خولی پاڵەوانانی ئەوروپا گەر بەم ئاستە بەردەوام بێت، یانەی ئەلکمار لە پلەی ســـێیەمی کۆمەڵەکەی دێت بـــە کۆکردنەوەی دوو خاڵ ئەنجامەکانی وەکو پێویســـت نییە جەماوەری یانەکـــە لە راهێنەر کومـــان رازی نییە تا رادەیەك هیـــوای نەماوە بۆ ســـەرکەوتنی قۆناغی داهاتوو تەنیـــا رکابەری لەســـەر پلەی ســـێیەم دەکات بۆ ســـەرکەوتن بـــۆ جامی ئەوروپا لیـــگ، لە پلەی چوارەم یانەی ســـتاندەر لیـــاج بەلژیکی بەهێزترین یانەی ئەم کۆمەڵەیـــە تەنیا یەك خاڵ کۆکردۆتەوە هیچ هیوایەکی نەماوە بۆ ســـەرکەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو خولی یانـــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئەمەی خوارەوش ریزبەندی یانەکانی ئەم کۆمەڵەیە.

-١ یانەی ئەرسناڵ ٧ خاڵ
-٢ یانەی ئۆلۆمپیاکۆس ٦ خاڵ
-٣ یانەی ئەلکەمار ٢ خاڵ
-٤ یانەی ستاندەر لیاج ١ خاڵ
یارییەکانی رۆژی (٤-١١)
ئەرسناڵ — ئەلکەمار
ستاندەر لیاج - ئۆلۆمپیاکۆس





# کێشەی بۆساکا

# راستییەکان وەنن و داگانۆش تەنیا شایەت حاڵە

**ماسیمۆ بۆساکا یەکێکە لە ناوبژیوانە هەرە باشەکانی جیهانی لە تۆپی پێی، پێش چەند رۆژێك تووشی هێرشێکی دڕندانە هاتووە کە لە مێژووی ژیانی بەسەری نەهاتووە بۆساکای تەمەن (٤٠) ساڵی لە یاری غەرافە و خۆر لەمیانی یارییەکانی خولی قەتەری تووشی دیاردەیەکی ناشیرین بووە لە یاریگا کە یاریزان داگانۆ بە چاوی خۆی بینیوویەتی ناوبژیوان بۆساکا (میزی) لە یاریگا کردووە و ئەویش لە لای خۆی ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە، گۆڤاری سوپەریش بۆ دیارخستنی راستیەکان ئەم راوبۆچوونانەی وەرگرت سەرەتا لەگەڵ خودی ناوبژیوان بۆساکا بوو.**

باوەڕم نەبوو سەرەتا گوتم نوکتەیە بەمنی دەکەن

*** لە مانگی رابردوو یاری خۆر و غەرافەت بەڕێوە برد لەوانەش ئەم یارییە لەبیر نەکەیت؟**

- بەڵێ، لە ژیانم یاری لەم جۆرە کەش و هەوایەم بەڕێوە نەبردووە و پلەی گەرما زیاتر لە (٤٠) پلە بووە و ئاستی شێ (٩٥٪) بوو.

*** لەوانەیە زوو لەبیرت نەچێ و خەڵکانێکیش لەبیری نەکەن ئەویش لەبەر زۆر هۆکار؟**

- دەزانم باس لە چی دەکەیت و چیت دەوێ، یاریزانی یانەی خۆر داگانۆ دەڵێ: بۆساکا قسەی ناشیرین و سوکایەتی بە من کردووە تا رادەیەکیش منی تاوانبار کردووە کە من لە یاریگا میزم کردووە و ئەمانەش هەمووی درۆن و لە راستی دوورە من شتی وام نەکردووە و قسەی ناشیرینم پێی نەگووتووە و کاری وا نابەجێشم لە یاریگا نەکردووە، چونکە ئەم کارە لە کەسایەتی و ناوی خۆم کەمدەکاتەوە.

*** دوای ئەوەی لێژنە کاسێتی یارییەکەیان دووبارە کردۆتەوە شتی وایان نەدیووە، چی دەڵێت؟**

- ئەمە شتێکی سروشتیە، من شەرمم بە خۆیە ئەو کارە ئەنجام بدەم و ئەو تومەتانەی داگانۆش پێکەنینی دەوێ و ئەم کاسێتەش سەرکە و تنێکی دیکەیە بۆ من.

*** بەڵام لە ئینتەرنێت بە راشکاوی دیارە کە تۆ ئەم کارە ناشیرنەت لە یاریگا ئەنجامداوە؟**

- وێنەکانی ئینتەرنێت دەتوانرێ گۆڕانکاری لەسەر بکرێ و کەسێك لە شوێنی کەسێکی دیکە دابنێن.

*** چ کاتێك زانیت کە دەڵێن ئەم شتەت ئەنجامداوە؟**

- دوای سێ رۆژ پاش یارییەکە من وڵاتی قەتەرم جێهێشت، دواتر لە شاری بۆردۆی فەرەنسی سەیری فیلمێکی ناوبژیوانانی یۆڕۆی (٢٠٠٨)م دەکرد کە لە نەمسا و سویسرا ئەنجامدرا و لەم کاتە تەلەفۆنێکم بۆ هات کە باسی ئەو چیرۆکەی بۆ کردم من سەرەتا گوتم ئەمە نوکتەیە بە منی دەکەن.

*** رۆژنامەی لۆنگارۆ دەڵێ لە لێدوانێکی لەگەڵ ئێمە بۆساکا دانی بەوەنا کە تووشی هەندێ کێشەی تەندرۆستی هاتووە بۆیە ئەو کارەی ئەنجامداوە؟**

- ئەمە درۆیە و ئەو شتە لەگەڵ من نەکراوە لە رۆژنامەی لۆنیگارۆ و هیچ کێشەیەکی تەندروستی لەشم نەبوو.

*** لە یاری نێوان ئەفەسی بادن و یانج یۆیز تووشی هەڵەیەکی دیکەی هاتوویت، بۆ ئەمە چ وەڵامەت هەیە؟**

- نەمتوانی کۆنترۆڵی خۆم بکەم و هەڵەیەکی گەورەم دژی جەماوەرێك ئەنجامدا، دوای ئەوەی لەسەر پەیژەکان قسەی ناشیرین و سوکایەتیان بە من کرد، بەڵام من لەو کارەم پەشیمانم.

*** خەڵکانێك تۆ بە باشترین ناوبژیوان لە جیهان دادەنێن و بەڕێوەبردنی یاری کۆتایی**



**خولی ئەورووپـــای وەرزی رابردوو لە نێوان بەرشـــلۆنە و مانچســـتەر یۆنایتد ئەمەش باشـــترین بەڵگەیە، بۆیە دەبێ تۆ تووشی هەڵەی لەم شـــێوەیە نەبیـــت و کۆنترۆڵی خۆت بکەیت؟**

- ئەمە راســـتە منیش مرۆڤم بەس خوای گەورە هەڵە ناکات داوای لێبوردنیش دەکەم و ئامەدەم بۆ گشت لێپێچنەوەیەك.

*** وای بۆ ناچیت دوای کێشـــەی دۆحە و یاری سویســـرا بانگهێشـــت بکرێی بۆ مۆندیالی (٢٠١٠)؟**

- بیر لەو شتە ناکەمەوە و بە بۆچوونی خۆم بەشداری لە مۆندیالی داهاتوو دەکەم.

*** دوای ئـــەم کێشـــانە بیر لـــە وازهێنان ناکەیتەوە؟**

- نەخێر بەهیچ شێوەیەك بیری لێ ناکەمەوە سەرەڕای ئەوەی چەند رۆژێکی ناخۆش بوو لە ژیانم ئەوەش لەبیر مەکەن کە زۆر کەس دەستخۆشـــی لێکردم و هاوکاری پاڵپشتی خۆیان بـــۆ مـــن راگەیاند و سوپاسیان دەکەم.

بچێتە دەرەوە پێداویستیەکانی خۆی ئەنجام بدات، راستە ئەمە لە نێو یاساکان بەدی ناکرێ، بەڵام لە گیانی یاسا دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ، سەبارەت بە وەڵامی پرسیارێك کە یەکێتی تۆپی پێی قەتەر دەتوانێ سزای بۆساکا بدات لە وڵامدا جەمال شەریف گوتی: نەخێر ناتوانێ، بەڵام دەبێ بە نووسراو ئاگاداری یەکێتی تۆپی پێی سویسرا بکات و بڕیاری کۆتایشدا لای وان دەبێت، **هەروەها سوپەر بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەو کێشەیە بە پەلە خۆی گەیاندە یەکێتی تۆپی پێی قەتەر ئەوانیش رایانگەیاند** کە دەبێ ئەم کێشەیە دابخرێ چونکە کاسێتی یارییەکەمان بە تەواوی دووبارە کردۆتەوە و ئەو شتەی داگانۆ دەرهەقی بۆساکا دەڵێ لە راستی دوورە و هیچ

**میز گوتی:** گەر هەر یەکێك بیەوێ پێداویستییەکانی خۆی ئەنجام بدات زیاتر لە (١٠) چرکەی دەوێ بۆیە من قسەکانی ئەم یاریزانە بەڕاست نازانم هەروەها گوتی: گەر یەکێك نەخۆشی شەکرەی هەبێ ناتوانێ کۆنترۆڵی پێداویستیەکانی خۆی بکات، لیژنەی پزیشکی سەر بە فیفا بە بەردەوامی پشکنین بۆ گشت ناوبژیوانان دەکات و ئەوەی نەخۆشی هەبێ رێگای پێ نادرێت کاری ناوبژیوانی بکات.

بیر لەو شتە ناکەمەوە و بەبۆچوونی خۆم بەشداری لەمۆندیال دەکەم



**بۆ بە دواچوونەوەی ئەم کێشەیە گۆڤاری سوپەر روویکردە ناوبژیوانی پێشووی نێودەوڵەتی سوری جەمال شەریف کە ئێستا وەکو پسپۆڕێکی ناوبژیوانی لە کەناڵی جەزیرە سپۆڕت گوتی:** بەرای من ئەو قسانەی لەسەر بۆساکا دەکرێ لە راستی دوورە و چونکە ناوبژیوانێکی جیهانیە خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزە و من زۆر نیگەرانم بەو قسانەی لەسەری دەکرێ کە گوایە باری تەندروستی باش نەبوو بۆیە نەیتوانی کۆنترۆڵی خۆی بکات پێداویستیەکانی لە نێو یاریگا ئەنجام بدات، بۆساکا یەکێکە لە باشترین (١٠) ناوبژیوانی جیهانی، شەریف زیاتر گوتی: بەندی (٥) یاسای تۆپی پێی باس لە دەستەڵاتی ناوبژیوان دەکات کە دەتوانی بەهۆی بڕانی تەزووی کارەبا و کەش و هەوا و هاتنە ژوورەوەی کارێکی دەرەکی دروست بوو و ئاژاوە یاری بەکۆتا بهێنێت، ئەو کارەی کە بۆساکای پێ تاوانبار کراوە مافی خۆیەتی کە یاری رابگرێ و

لەو فیلمە نییە و نابینری و یەکێتی تۆپی پێی قەتەر داوا لە دەزگاکانی راگەیاند دەکات کە واز لەو کێشەیە بهێنین، هەروەها سەبارەت بەوەی داگانۆ دەڵێ کارەکەی بۆساکا (١٠) چرکەی خایاندووە لە یاریگا، **بۆ ئەم مەبەستەش دکتۆر هیشام غەریب راوێژگارە لە نەخۆشیەکانی سینگ و بۆریەکانی**